گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانكۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 6, No. 1, Part 1, pp. 98–110, Mar.-2018
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2410-7557
e-ISSN: 2518-5128
journals.uoz.edu.krd

# هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەی Kurdistan pressی سویددا

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

راوێژكار لە پەرلەمانی كوردستان (nawzad.ali@hotmail.com)

وەرگرتن:2017/12 پەسەندكرن: 2018/03 بەلاڤكرن: 2018/03 https://doi.org/10.26436/2018.6.1.554

**پوختە:**

ئەم بابەتە هەڵوەستە كردنە لەسەر رۆژنامەیەك كە تا ئێستا بە گشتی و لە كوردستانی باشوور توێژینەوە و بابەتی لەبارەوە نەنووسراوە. لەم بابەتەدا لە میانی دوو بەشدا هەر بەشێك بۆ دوو تەوەر دابەش كراوە، تەنیا لە هونەرەكانی ئەدەب لە رۆژنامەكە دەدوێت. لە بەشی یەكەمدا قسەوباس سەبارەت بە كۆچكردن بۆ دەرەوە و ژیانی پەنابەری و گرنگیدانی رەوەندی كوردستانی بە بواری رۆژنامەگەریی لە سوید و شوێنی رۆژنامەی Kurdistan press لەو مێژووەدا كراوە، هەر لەم بەشەدا وردەكارییەكانی دەرچوون و داخستنی رۆژنامەكە خراوەتەروو. بەشی دووەمی بابەتەكە تەرخانكراوە بۆ هونەری شیعر و هونەری پەخشان لە رۆژنامەكەدا، بۆ هەر یەكێك لە هونەرەكان چەند نموونەیەك نووسراوەتەوە و رەخنە و بەدواداچوونیان بۆ نووسراوە.

**پەیڤێن سەرەكی:** هونەرەكانی ئەدەب، رۆژنامەی Kurdistan press، سوید.

## 1.بێشەكی

### 1.1.دەستپێك:

رۆژنامەی Kurdistan press، دوای رۆژنامەی "كۆمكار" تەمەن درێژترین رۆژنامەی كوردییە كە لە ئەورووپا دەرچووە. دیارە لێرەدا هەر تەنیا مەبەستم لە سالّ نیە، بەلّكو شێوە و تیراژ و ژمارە بەشێكن لە تەمەنی رۆژنامە، رەنگە لێمبپرسن، ئەوەی ئەوە نیە، فلان گۆڤار، بلاّوكراوە، یاخود رۆژنامە لەو سالّە تا ئەو سالّە درێژەی بە دەرچوون داوە، وەلاّمی من بۆ ئەوجۆرە لێكدانەوانە پێویستە جیاوازی لەنێوان بلاّوكراوەیەكی بە كۆپی چاپكردن لەگەلّ رۆژنامەیەك بكرێت، كە لە فۆرم و ناوەرۆكدا هەلّگری كاریی رۆژنامەگەرییە.

### 2.1. چی دەربارەی Kurdistan press نووسراوە:

ئەوەندەی بە دواداچوونم بۆ كردووە و زانیاریم هەیە، تا ئێستا بە تیپی لاتینی لە چەند دێڕێك بترازێت ئەگەرنا بابەتێكی ورد سەبارەت بە رۆژنامەیKurdistan press نەنووسراوە، لە باشووری كوردستانیش هیچ نووسەر و كتێبخانە و ئەرشیڤخانەیەك گرنگی بە پاراستنی ئەم رۆژنامەیە نەداوە، تەنیا كتێبی "رابەری رۆژنامەگەریی كوردی " لاپەرەیەكی بۆ تەرخانكردوە، بەلاّم ئەویش كەموكوڕی تێدایە، نووسیویەتی یەكەمین ژمارەی رۆژی ١٩٨٦/٩/٢٤ دەرچووە. ئەوەی ئەو نووسیویەتی راستە، بەلاّم پێش ئەم ژمارەیە، ژمارە " سفر" هەیە رۆژی ١٩٨٦/٩/١٢ دەرچووە، كەواتە " سفر" دەبێت بە یەكەمین ژمارەی رۆژنامەكە. ئەو دەلّێت" تا سالّی ١٩٩٣ بەردەوام بووە، ئەمەشیان هەلّەیە، دوا ژمارە رۆژی ١٩٩٢/٩/٣٠ دەرچووە. هەروەها ئەو بلاّوكراوەیەی رۆژی ١٩٩٩/٧/٩ بە بۆنەی كۆچی دوایی ئۆرهان كۆتان دەرچووە، بە ژمارەیەكی تری لە قەلّەم داوە، ئەمە هیچ پەیوەندی بە ریزبەندی ژمارەیی رۆژنامەكەوە نیە، تەنیا ناوەلۆگۆی رۆژنامەكەیان خستۆتە سەر رۆژنامەكە، هەروەها زنجیرەی ژمارەشیان بۆ بلاّوكراوەكە دانەناوە، واتە نەیانووسیوە ژمارە ٩٤.

### 3.1. ئامانج:

رۆژنامەگەریی ئێمە لە تاراوگە گەنجینەیەكی دەولّەمەندە، بەداخەوە تا ئێستا ناوەندێك و دەسەلاّتێك نیە، بە پلان و نەخشەیەكی زانستی ئەو گەنجینەیە كۆبكاتەوە و لە شوێنێك بیانپارێزێت بە ئامانجی لێكۆلّینەوە. ئەم بابەتەی منیش دەچێتە ئەو چوارچێوەیە، لە گۆشەیەك لە گۆشەكانی رۆژنامەیەك دەدوێم كە شایستە بە هەلّوەستە كردنە. ئامانجی سەرەكیم لێدوان و ناساندن و سەرنجدان لە رۆژنامەیەكی دەولّەمەندە، بە هەوالّ، راپۆرتەهەوالّ، رێپۆرتاج، دیدار و هەڤپەیڤین، ئەدەب و هونەر، لاپەرەی تایبەت بە مندالاّن، وتار بە گشتی و وتار و شیكاریی سیاسی بە تایبەتی. سەرنجدان و لێكۆلّینەوەیە لە هونەرەكانی ئەدەبێك كە لە ئاووهەوای ئازادی ئەورووپا چاپ و بلاّوكراوەتەوە.

### 4.1.میتۆد:

لە كاری لێكۆلّینەوەدا من لەگەلّ فرەمیتۆدیم، چونكە لەو حالّەدا توێژەر باشتر مەبەست دەداتە دەست، بەلاّم پێویستە ئاراستەیەكی دیاریكراویش هەبێت بۆ پلاندارێژی و وردتر قسەكردن لەسەر پنت و خالّەكاندا. لەم بابەتەدا زیاتر كارم لەسەر میتۆدی سیاقخوازی

کردووە، چونکە ئەم میتۆدە زیاتر پەیوەستە بە رونگەی کۆمەڵایەتی و چوارچێوەی مێژوویی تێکستەوە.

### 5.1. گرفت:

لەسەردەمی پێشڤەچوونی تەکنۆلۆجیاشدا، تا ئێستاش نەبوونی سەرچاوەی پێویست کێشەی سەرەکی توێژەرەوە. لە کاتێك کە خەریکی سۆراغکردنی ژمارەکانی ئەو رۆژنامەیە بووم، بە رێککەوت زانیم ژمارەکان دیجیتاڵ کراون خراونەتە سەرنێت، بەڵام بەداخەوە زۆر ناشارەزایانە سکانکراون و ژمارە هەیە بەشێك لە نووسینەکانی ناخوێندرێتەوە و پەرپوە، هەروەها ژمارەکانیان بە رەش و سپی دابەزاندووە، کە لە ئەسڵدا، چەندان لاپەرەی رۆژنامەکە رەنگاورەنگە، بە هەر جۆرێك بوو تەواوی ئۆرجیناڵی ژمارەکانم دەستکەوت.

### 6.1. پلان:

بابەتەکە دابەشی دوو بەش کراوە، هەر بەشێکیش بۆ دوو تەوەر. لە بەشی یەکەمدا هەڵوەستە سەبارەت بە کۆچ و ژیانی پەنابەر و گرنگیدانی رەوەندی کوردستانی بە بواری رۆژنامەگەریی لە سوید کراوە، لە تەوەری دووەمدا وردەکارییەکانی دەرچوون و داخستنی رۆژنامەکە خراوەتەروو. بەشی دووەمی باسەکە بە هەمان شێوەی بەشی یەکەم، دابەشی دوو تەوەر کراوە، تەوەری یەکەم بۆ هونەری شیعر و تەوەری دووەم بۆ هونەری پەخشان تەرخانکراوە، بۆ هەردوو تەوەرەکە نموونە لە خودی رۆژنامەکە وەرگیراوە و قسە و باسی لەبارەوە کراوە.

پێش کۆتایی.. ئەنجام و راسپاردە نووسراون، ئینجا ناوی سەرچاوەکان هاتووە و کورتەی بابەتەکە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە.

## 2. بەشی یەکەم

### 1.2. تەوەری یەکەم: کورد و بواری رۆژنامەگەریی لە سوید

**1.1.2. کورد لە سوید:** بەهۆی بوونی جەردە و رێگرەکانی دەریا، سویدییەکان لە رۆژگارەکانی زوودا ناوی کورد و خاکی کوردستانیان ناسیوە، بەڵام ئەوە نابێت بە سەرەتایەك بۆ کۆچکردنی کورد بۆ ئەو وڵاتە. " کورد ل ئالیا سوێدییان دە ڤە سەد سالا ئین تێن ناسین. ئەم ڤێ یەکێ ب کێمانی ژ فەرهەنگێن سوێدی یێن کو دیرۆکا پەیڤان دیار دکن، فێر دبن. هن پەیڤێن کو ب کورد و کوردستانێ ڤە گرێدایی نە و د زمانێ سوێدی دە تێن ب کار ئانین ل ژێر ئانگۆری سالێن بکارئانینا وان هاتنە رێز کرن:

کورد ( کورد، کەسێن ژ کوردستانێ)، پشتی ۱۸۸۰

کوردیسك( کوردی، سفات، تشتێ کوردان گرێدە)، پشتی ۱۹۱۱

کوردیسکا ( زمانێ کوردی) پشتی ۱۸۸۳

کوردیسکا ( ژنا کورد)، پشتی ۱۹۳۱

پێش کۆچکردنی کورد بۆ وڵاتی سوید چەند کوردێك بە مەبەستی کاری دیپلۆماتی سەردانی وڵاتەکەیان کردووە، لەوانە" محەمەد ئەمین زەکی و شەریف پاشای خەندان. بەڵام بەهۆی کردەوەی دەسەڵاتە شۆڤێنی و دیکتاتۆرییەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، بە ناچاری روویان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووە، یەکێك لەو وڵاتانەش، وڵاتی سوید بووە. کورد بە دوو جۆر رووی لە سوید کردووە، بە تاك و کۆمەڵ. وەك تاك سەرچاوەکان نووسیویانە سەلاحەددین راستگلدی " ۱۹۲۷–۱۹۸٦" یەکەمین کوردە چۆتە سوید بە مەبەستی خوێندن، بەڵام وەك پەنابەر، سلێمان ئەلکسەندەر لە رووسیاوە رووی لە سوید کردووە و دەبێت بە یەکەمین کورد کە داوای ماڤی پەنابەرێتی کردووە، لە سەرچاوەیەکی تردا هاتووە میرزا سەید یەکەمین کوردە لە سوید داوای ماڤی پەنابەرێتی کردووە و ئەمەش ساڵی ۱۸۹۳ بووە.

ئەوەی لە مێژووی کۆچدا گرنگە و پسپۆران کاری زانستی لە بارەوە دەکەن، کۆچی بە کۆمەڵە، بۆ کوردیش لەگەڵ سەرهەڵدانی خەباتی سیاسی و چەکداری ژیانی سەختر بووە و داگیرکەران بە جۆرەها شێوەیە کوردیان چەوساندەوە، ئەمە هۆکارە هەرە دیارە بۆ کۆچکردن و هەڵبژاردنی ژیانی ناچاریی پەنابەریی.

لەگەڵ کودەتاکەی ساڵی ۱۹۷۱ لە تورکیا چەندان کورد روویان لە سوید کردووە، ئەگەرچی دوای دەرچوونی بریاری لێبووردن لە لایەن تورکیاوە، چەند کەسێکیان گەڕانەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان مانەوە و نەگەڕانەوە. حاڵەتی کۆچی کورد لە پارچەکانی تریش بە هەمان شێوە بووە، لە باشووری کوردستان ساڵی ۱۹۷۵، لە باکووری کوردستان ساڵی ۱۹۸۰، رۆژهەڵاتی کوردستان دوای ۱۹۸۰، دیسان باشووری کوردستان لە ۱۹۸۸، ۱۹۹٦، رۆژئاوای کوردستان لە ۲۰۱۱ تا ئێستا.

دوای ئەوەی لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو کۆمیتەی سویدی– کوردی درووست دەکرێت و حزب و رێکخراوە سیاسییەکان دەست بە کاریی رێکخراوەیی دەکەن بە مەبەستی رێکخراوبوونییان، ئەو حزبانە وەك سێبەر، کۆمەڵە و رێکخراوی پیشەییان درووست کردووە، یەکێك لەو رێکخراوانە کۆمەڵەی گەلی کوردستان بووە. ئەو رێکخراوانە دەستیان بە کارو چالاکی کردووە، بە تایبەتیش لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییە کورد و کوردستانییەکاندا .

**2.1.2. کورتەیەك سەبارەت رۆژنامەگەریی کوردی لە سوید:**

کەمی ژمارەی کورد لە سوید کاریگەریی هەبووە لەسەر بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لەو وڵاتەدا، ئەگەر پێش شکستی بزاڤی چەکداری لە باشووری کوردستانی ۱۹۷۵ و کودێتای میلیتاریی لە باکووری کوردستانی۱۹۸۰، هەر بەرهەمێکی رۆژنامەگەریی هەبووبێت ئەوە تەنیا بریتی بووە لە کۆپیکردنەوەی ئەو ئەدەبیاتەی

کە لە پارچەکانی کوردستان بە نهێنی چاپ و بڵاودەکرانەوە. بەڵام دوای ساڵی ١٩٧٥ و بە زیادبوونی ژمارەی کورد لەو وڵاتەدا، دەستکراوە بە چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە بە تایبەتیش لەسەر دەستی حزب و ڕێکخراوە سیاسی و چەند کۆمەڵەیەکی پیشەییدا بۆ نموونە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات– ئەکسا، ئۆرگانەکەیان کە ناوی " ئاسۆ" بوو لە شاری ئۆپسالا ساڵی ١٩٧٦ چاپ و بڵاوکردەوە. بەڵام لە ١٩٨٠– ١٩٩٠ بزاڤێکی دیاری ڕۆژنامەگەریی کوردی لەو وڵاتەدا دەبینرێت و چەندان ڕۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە دەرچوونە، ئەمەش ناوی چەند بڵاوکراوە، ڕۆژنامە و گۆڤارێکە:

ئاسۆ١٩٧٦، ئارمانج١٩٧٩، ئاریە١٩٨٥، ئاشتی١٩٨٣، ئاڵا١٩٨٦، ئەرکی نوێ١٩٨٧، الاتحاد١٩٨١، ئێسۆت١٩٨٥، بەربانگ١٩٨٢، بەربانگێ ١٩٨٤، بەرگەھ ١٩٨٩، بەرهەم ١٩٨٧، بلاڤۆك ١٩٧٩، بولتنا کۆمکار ١٩٧٩، پیا ١٩٨٨، پێشرەو ١٩٨٤، پێشڕەو ١٩٨٤، تەڤگەر ١٩٨٩، تریسکە ١٩٨٢، چوارچرا ١٩٨٦، خەرمانە ١٩٩١، خبرنامە کوردستان ١٩٧٩، خوێندکاری کورد ١٩٧٩، دەنگ ١٩٨٥، دەنگی یانە ١٩٨٩، دێموکرات ١٩٨٨، دیدار ١٩٩١، دیمانە ١٩٩١، رابوون ١٩٩١، راپەرین ١٩٧٨، راستی ١٩٨٦، رزگاریا کوردستان ١٩٧٨، راستی ١٩٨٨، ڕووناکبیری ١٩٩٢، ڕۆژانوو ١٩٧٨، ڕۆژنامەی بێگانان، ڕێناسی ١٩٨٤، زازایستان ١٩٩١، زەنگڵ ١٩٨٥، ژ نیو تایم ١٩٧٨، سەردەمی نوێ ١٩٨٦، سەرهلدان ١٩٩١، ستێرکا ١٩٧٧، سەوت شەبیبە کوردستانیە ١٩٩٠، شانۆ ١٩٨٦، کورد ١٩٩٠، کوردستان ١٩٧٥، کوردستان ١٩٩٢، کوردستان پرێس ١٩٨٦، کوردستان ١٩٨٨، کولیلك ١٩٨٠، کۆچەر ١٩٨٨، کۆمار ١٩٩٠، گۆڤاری کۆمەڵەی پزیشکانی کوردستان ١٩٨٨، لە دایك بوون ١٩٨٧، مامۆستای کورد ١٩٨٥، مۆسیك و هونەر ١٩٨٨، میرکوت ١٩٨٥، نەورۆز ١٩٨٦، نوودەم ١٩٩٢، نووسەر ١٩٩٠، نیشتیمان ١٩٨٣، نیو پێشمەرگە ١٩٨٣، وان ١٩٩٢، هەلەبجە ١٩٨٨، هێڤی ١٩٨١، هەڤیا گەل ١٩٨٦، هێلین ١٩٨٢

**3.1.2. ئەزموونی تر:** ڕۆژنامەی Kurdistan press، تاکە ڕۆژنامەی کوردی نیە، کە لە وڵاتی سوید بە زمانی تر دەرچووبێت. کادر، چالاکوان، سیاسەتمەدارەکانی باکووری کوردستان، چ لە ناوەوەی وڵات، چ لە تاراوگە هەر کارێکی ڕاگەیاندنیان پێشکەش کردبێت ئەگەر تەواوی بەرهەمەکە بە زمانی تورکی نەبێت، ئەوە بەشێکی هەرەزۆری بۆ زمانی تورکی تەرخان کراوە، ئەمەش پشتیوانی نیە لە سیاسەتی پانتورك، بەڵکو دەیانەوێت زۆرترین کەس لە ئامانج و پەیامەکەیان تێبگات، کە وەك دەزانرێت، تا بە ئەمڕۆش دەگات خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی لە تورکیا قەدەغەیە.

لە کاری ڕاگەیاندن پاراستنی زمانی نەتەوە و پەرەپێدانی کاری لە پێشینەی دامودەزگاکەیە، بەڵام خاڵێکی سەرەکیش هەیە بریتییە لە گەیاندنی پەیام و چۆنیەتی حاڵیبوون و لێکحاڵیبوون. لەو ڕووەوە خەباتکەرانی کورد ڕوویان لە دوو ڕێگا کردووە، بە زمانی کوردی ئەدەبیاتی خۆیان بڵاوکردۆتەوە و بە گوێرەی هەلکەوتەی جوگرافیا زمانەکانی تریشیان فەرامۆش نەکردووە. لێرەدا تەنیا وەك نموونە ناوی چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێك دەهێنم کە کوردین، بەڵام بە زمانی سویدی بابەتیان بڵاوکردۆتەوە:

NYHETSBLAD FRAN KURDISTAN , Information om Kurdistan, KURDISTAN BULLETINE, SVENSK-KURDISK JOURNAL, KURDISTAN BULLETIN, Kurdernas vanner, Kurder i Spanga , KURDISTAN, KURDISTAN RAPORT, ROJA KURDISTAN, KURDISTANS SOL, Kurdisk kvinnobulletin JIN, Renasi ,SLAGBORREN, SVART VITT, Kurdistan info, KurdernasVanner, BUDSKAP, AVESTADidar, SOSYALDEMOKRATKURDISTAN, REVIEW, Nor , JINDAN, ARARAT .....

**2.2. تەوەری دووەم: کوردستان پرێس Kurdistan press: دەرچوون و داخستن!**

**1.2.2. دەرچوونی Kurdistan press:** ئەگەر وەك ڕێباز و ئامانج و ئاراستەی ئیشکردن سەیری ئەم ڕۆژنامەیە بکەین، ڕۆژنامەیەکی کوردییە، بە زمانی کوردی " پیتی لاتینی" و بە زمانی تورکی دەرچووە، تەنیا چەند بابەتێکی بە پیتی ئارامی بڵاوکردۆتەوە" ڕۆژناما کوردستان پرێس د مەها ئیلۆنا ١٩٨٦ ئان دە وەك ڕۆژنامەکی ب کوردی و ترکی و ١٥ ڕۆژین دەست ب وەشانا خوە کر. ژ بەر پرۆبلەمێن ئەکۆنۆمیك و رەداکسیۆنەل د ئیلۆنا ١٩٩٢ ئان دە وەشانا خوە دا راوەستاندن " لە ژمارە سفردا ئەم ئەدرێسە لە سەر ڕۆژنامەکەدا نووسراوە Sundbyberg Sweden سوندبێری ناوی گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، ئەو ئەدرێسە بەردەوام لەسەر ژمارەکان دووبارە بۆتەوە" کوردستان پرێس ل پایتەختا سوەدێ ل ستۆکهۆلم هات وەشاندن. د وەلاتێن ئەوروپی و چار پارچەیێن کوردستانێ دە هات بەلاوکرن".... وەك بڵاویان کردۆتەوە، سەرەتا تیراژەکەی بریتی بووە لە ١٥٠٠٠ هەزار دانە، بەڵام بەهۆی کێشەی دارایی نەبوونی ئیشتراکات تیراژەکەی کراوەتە ٣٠٠٠ هەزار دانە. سەرنووسەرکەی " ڕێداکتۆر" ئۆرهان کۆتان بووە و ئەمانەش لە دەستەی نووسەران بوون" ئابت گورسەس، جەیهون ئارسلان. لەگەڵ چەند کەسێکی تر هاوکاریان کردوون، بەڵام چەندان نووسەر هەم نووسینیان لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردۆتەوە، هەم کاریان تێداکردووە.

**2.2.2. ئەوانەی بەرهەمیان تێدا بڵاوکردۆتەوە:** ئەمانە ناوی بەشێك لەو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ئەدیبانەن، کە بەرهەمیان لە

ڕۆژنامەکەدا بڵاوکردۆتەوە. بۆ ناوی چەند نووسەرێك و ساغکردنەوەی ناوەکەی سوودم کە ماڵپەڕی ئەرشیڤی ڕۆژنامەکە بینووە . ناوەکان" ئۆرهان کۆتان (ن. بۆرا)، ئابت گورسەس (ا. فەڤز)، جەیهون ئارسلان (چ. چەکۆ)، موفت کۆتان (ب. سەردار)، شەفك دوندار، فەلەکەددن کاکای، دەروێش م. فەرهۆ، یۆرگۆ باجا، نهات بەهرام، کرڤە کالەندەر، تێموری خەلل موراداوڤ، پەرڤن جەمل، بێکەس، م. تایفون (مالمسانژ)، ئۆمەر شێخمووس ، ئارف وزسەرن، شەرافەتتن کایا، شاهنی بەکری سورەکل، جەلال ئایدن، فەخرەدن گەردی، روشەن ئارسلان، مەحفوز مایی، بارەش باتتێ، ئال بوجاك، م. سەلام فرات، ا. دکل، لۆقمان پۆلات، فرات جەوەر، برندار، مەحمود لەوەندی، شۆرەش زیرەك، هەسەنێ مەتێ، ئیلهام جان، شەرەفخان جزیری، پاشا ئوزون (خۆرتۆ)، باڤێ نازێ، جوان هەققی (د. فەندی)، ئاهمەت مەك (ا. تگرس)، ئوسۆ....هتد

3.2.2 **فۆرم:** لەباری شێوەدا، ئەگەر دیزاین و پەیکەری ڕۆژنامەکە، بە دیزاین و چاپ و قەبارەی ڕۆژنامەکانی ئەوێ ڕۆژێی وڵاتی سوید بەراورد بکەین، تا ئاستێك خۆی لە باڵای ئەوان دەدات.

لە قەبارەدا تابلۆئیدە" نیو بەتاڵ"، ئەو قەبارەیە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیست وەك مۆدێلێك زۆرترین پانتایی لە ڕۆژنامەگەریی ئەورووپی بۆ خۆی بردووە، لەم سەدەیەشدا زیاتر بڵاوبۆتەوە، بە تایبەتیش دوای هەنگاوە خێراییەکانی میدیای نوێ. بۆ نموونە هەر سێ ڕۆژنامەی بەناوبانگ و خاوەن پێگە " داگێزنیهێتەر"، " ئافتۆنبلادێت"، " ئێکسپرێسن" بە هەمان قەبارە چاپ دەکرێن.

Kurdistan press زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە و هێلکاریی و کاریکاتێر داوە، بە شێوەیەکی ورد و زەلیقەیەکی زیرەك وێنەی داناوە، وەك کارێکی یاسایی و ئیتیکی کاری ڕۆژنامەگەریی وێنەیەکی بڵاونەکردۆتەوە، ئەگەر خاوەنی وێنەکە دیار نەبێت! Kurdistan press" د دەستپێکێ دە د ١٥ ڕۆژان دە جارەکە ب ١٦ رووپەلان، پشتی هەژمارا ٤١" ئان ب هەفتەیی ١٢ رووپەل هات وەشاندن. پشتی هەژمارا ٧٤" ئان پێ دە دیسا بوو ١٥ ڕۆژێن، هەژمارا رووپەلێن وێ بوون ١٦. لێ گەلەك هەژمارێن وێ ٢٠-٢٤ رووپەل ژی هات وەشاندن "

لاپەڕەی پێشەوە و دوالاپەڕە ڕەنگاورەنگە، وەك هەر ڕۆژنامەیەکی پێشکەوتوو لەباری دابەشکردنی ڕەنگ و مانشێتی سەرنجراکێشەردا بەراورد بە لاپەڕەکانی تر، ئەم دوو لاپەڕەیە زیاتر گرنگی پێدراوە.

4.2.2. **ئابووری ڕۆژنامەکە:** ئەوان نووسیویانە لەگەڵ لە دایکبوونی ڕۆژنامەکە، ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بۆتەوە، تەنیا سەد و دە هەزار کرۆنی سویدیان هەبووە" پارەیێن کو ژ فرۆتنا کوردستان پرەسسێ دهات، ژ سەدی بیستێ (٪ ٢٠) مەسرەڤێ دەرنەدخست. رزگاری ژی ئالکارییا مادی دکر لێ ژ بۆ فنانسەکرنا ڕۆژنامەکێ نە بەس بوو. کولتورۆدەت (دەزگەهەك رەسمیا سوەدەیە) کو ئالکاریا هەمو خەباتێن کولتوری دکرن، ئالیکاری ددا کوردستان پرەسسێ ژێ. وەکێ دن وەقفەکی ئالمان کو ئالکاریا خەباتێن مڵەتێن بندەست دکرن نێزیکە ٣٠٠ هەزار مارکێ ئالمانی ئالکار دا کوردستان پرەسسێ. هەروەها کارسازەك کورد ٢٠٠ هەزار مارکێ ئالمانی ئالکار دا کوردستان پرەسس " بەڵام هەوڵ بەردەوام بووە بۆ کۆمەککردن بە ڕۆژنامەکە بۆ نموونە لە شارەکانی لەندەن، بەرلین و ستکهۆڵم شەوئاهەنگ ڕێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ ڕۆژنامەکە، هەروەها سوودیان لەو کۆمەکانەش وەرگرتووە کە حکومەتی سوید لە چەند دامودەزگایەکدا بە بوارەکانی چاپەمەنی دەدا. یەکێك لەو هەوڵانەی دران و ڕەزامەندی بۆ وەرگیرا دەزگای سیدای سویدی بوو، کە دەزگایەکی بەناوبەنگی کۆمەکە لە سوید، بەڵام بەهۆی ڕوودانی کێشە لەنێوان ئۆرهان کۆتان و مەحمود باکسی دەزگای ناوبراو کۆمەکەکەی بۆ Kurdistan press ڕاگرت، ئیتر ژمارە ٩٣ بوو بە دوا ژمارە. ئەگەرچی" بە دوای کۆچی دوایی ئۆرهان کۆتان ژمارەیەکی دیکەی تایبەتی Kurdistan press لە ساڵیادی خاوەنەکەی لە مانگی ٧-١٩٩٩ بە ٥٢ لاپەڕە و لە شێوەی گۆڤار دەرچووە و بنەماڵەکەی و هاوڕێکانی ئەم ژمارە تایبەتییەیان ئامادەکردووە. هەمووی تایبەتە بە ژیان و کارەکانی ئۆرهان کۆتان و وێنەکانی ڕێورەسمی ناشتنی ".

5.2.2. ANK **چییە؟** لەسەر ڕووپەڕی ژمارەکانی Kurdistan press ئەو سێ پیتە ANK نووسراوە، لە چەند ژمارەیەکدا بەم شێوەیە باس لەو سێ پیتە کراوە، واتە: ئاژانسا نوچەیا کورد" ئاژانسا نوچەیا کورد چاڤ، گوه و زمانێ تەڤگەرا رزگاریا نەتەوی و جڤاکیا وەلاتێ مە یە. تشتێن تە بهیست بگهینە ANK. ANK جارە یەکەمینە کو بوویە ناڤەندا نووچەیا کوردا. ANK سازوومانەکی ژ یا تێکۆشینا رزگاریا نەتەوی و جڤاکیا مە یە. ANK یا مە هەموویان یە. کەواتە ئەو ئاژانسە سەرچاوەی سەرەکی ڕۆژنامەکە بووە و هەوڵێك هەبووە بۆ دامەزراندنی سەنتەرێکی هەواڵ، لە شێوەی ئەو ئاژانسانەی کە وڵات و نەتەوەکان دایانمەزراندووە بە مەبەستی کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگوباس.

6.2.2.**ئەدەب و هونەر لە ڕۆژنامەکەدا:** لە ژمارە شەشەوە ڕۆژنامەکە ڕایگەیاندووە کە لاپەڕەی تایبەت بە ئەدەبیات دەکاتەوە و داوا لە نووسەران دەکات بەرهەم و نووسینەکانی خۆیان بۆ ئەدریسی ڕۆژنامەکە بنێرن:" ڕۆژنامەیا مە ب ڤێ هەژمارێڤە روپەلا ئەدەبیات، هونەر و چاند ڤە کرییە. نڤیسکار، خوێندەڤان و هونەرمەندێن کورد دکارن بەرهەمێن خوە ئێن هەلبەست، چیرۆك، کورتە چیرۆك، کریتیکا ئەدەبی، و هود بۆ ڕۆژنامەیێ بشێینن. ئەم ل بەندا بەرهەمێن وە نە.. هون دکارن بەرهەمێن خوە سەر ناڤنیشانا ژێرین بشێینن "

KURDISTAN PRESS

Edebiyat huner u cand
BOX 7080
Sundbyberg/ Seden 07 172

**7.2.2. هونەرەکانی ئەدەب چین؟** ئەدەب و هونەر دوانەی یەکترن، وەك دوو دیاردەی دیالیکتیکی یەکتر تەواو دەکەن، هەر بۆیە بۆچوونێك هەیە کە ئەدەب بە یەکێك لە پێنج هونەرە جوانەکە پۆلێن دەکات، ئەو ئەدەبەش لە هونەرەکانی سەما، وێنەکێشان، مۆسیقا و پەیکەرتاشی دادەبڕێت و وەك هونەرێکی تر ئەژماری دەکات و محەمەد حەسەنین هەیکەل روونتر بەیانی رای خۆی دەکات و دەنووسێت:" ئەدەب هونەرێکی جوانە ". بۆچوونەکان زۆربەی هەرەزۆریان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەدەب دابەشی دوو جۆر دەکەن" لە هەموو زمانەکانی جیهان دا بە کۆن و تازەوە، ئەدەب دابەشی دوو هونەری گەورە کراوە، بریتین لە پەخشان و شیعر " لێرەدا خاڵە جیاوازەکانی نێوان پەخشان و شیعر دەنووسین کە گەڵاڵەبووی بۆچوونی کۆمەڵێك پسپۆر و نووسەر و ئەدیبە

١- لە هەڵبەستدا کێش و ترپە هەیە، بەڵام لە پەخشاندا هەر ترپە هەیە.

٢- زمان لە پەخشاندا زمانی شیکردنەوەیە ( تحلیلی)یە، بەڵام لە هەڵبەستدا تێك بەستییە( ترکیبی)یە، چونکە هەڵبەست کە ئەنجامی هەڵچوونی هەست و سۆزی دەروونی مرۆڤە پێویستی بە چڕی دەربڕین و کورت بڕی هەیە، بەڵام پەخشان بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەش پێویستی بە شیکردنەوە هەیە.

٣- هەڵبەست زمانی هەست و سۆزە، پەخشان زمانی ژیرییە.

٤- هەڵبەست نامێنێ ئەگەر وشەکانی و شێوازی نەمان، بەڵام پەخشان ئەگەر وشەکانیشی نەمان و هی تریان جێ ماناکەی هەر دەمێنێ، چونکە شوێنی وشە لە رستەی شیعری دا لە پەخشان جیایە.

٥- هەر لە رووکاری دەرەوەدا، لە باری پێکهاتەدا پەخشان و شیعر لە یەکتر جیاوازن.

## 3.بەشی دووەم

### 1.3.تەوەری یەکەم: هونەری شیعر:

**1.1.3. دەستپێك:** وەك جۆر، ئەکادیمییەکان شیعریان بەسەر چوار جۆر دابەشکردووە" ویژدانی، مەلحەمی، درامی، فێرکردن. هەر یەکێك لەم جۆرانە هەڵگری خاسیەت و پێناسەی تایبەت بە خۆیەتی. ئەگەر لەباری ناوەڕۆکدا ئاماژە بە شیعری ویژدانی بدەین ئەوە ناکرێت ئەم ناوانە فەرامۆش بکرێن" شانازی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، وەسف، نیشتمانی، سیاسی.. هتد. دوای درووستبوونی حزب و رێکخراوی سیاسی کوردی بە تایبەتیش دوای پەنجاکانی سەدەی رابردوو شیعری حزبیش چۆتە نێو ئەو چوارچێوەیە. بەڵام شیعری مەلحەمی، پەیوەستە بە سەرهەڵدانی دەقی ئەدەبی لە رۆژگاری یۆنانی و رۆمانییەکاندا، ئەوسا شیعری مەلحەمی دەقێکی چیرۆك ئامێز بووە و سەرگوزشتەیەکی رووداوی گێڕاوەتەوە، کە بە ژیان بەستراببووەوە . جۆرێکی تر شیعری درامییە، ئەو هونەرە لەلای یۆنانییەکان بۆ تراژیدیا و کۆمیدیا دابەشکراوە، سەرەتای ئەو هونەرە زیاتر پەیوەندی بە بۆنە و تەقسە ئاینییەکانەوە هەبووە. جۆری چوارەم شیعری فێرکردنە" بریتین لەو هۆنراوانەی کە ئامانجیان فێرکردنە بۆیە لە دووتوێیاندا پەندو ئامۆژگاری و هەواڵ و زانیاری بەدی دەکرێ ".

ناکرێت شیعر لە خەیاڵ دابڕین و رووتی بکەینەوە، خەیاڵ رەگەزی سەرەکی شیعرە و ئەو رەگەزەش گەوهەری جیاکردنەوەی شیعر و پەخشانە، بەڵام خەیاڵدانی شاعیر لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت، لە کاتێکدا ئەگەر رۆشنبیریی و خوێندنەوە پەراوێز بخرێت.

**2.1.3. لە رۆژنامەکەدا:** بە خوێندنەوە و هەڵدانەوەی تەواوی ژمارەکانی رۆژنامەیKurdistan press وەك هەر رۆژنامە و گۆڤارێکی تری کوردی، فەزای ئەو لاپەرانەی بۆ بڵاوکردنەوەی هونەرەکانی ئەدەب تەرخانی کردووە زیاتر شیعر بۆ خۆی بردووە. بۆ ئەو چوار جۆرە ناوبراوەی شیعر، تا چەند رۆژنامەکە گرنگی بە بڵاوکردنەوەیان داوە، جۆری یەکەم واتە شیعری ویژدانی بە پلەی یەکەم دێت کە پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بەڵام دوو جۆرەکەی تر شیعری مەلحەمی و درامی دەقێك نیە بچێتە ئەو چوارچێوەیە. بۆ شیعری فێرکردنیش رۆژنامەکە لە سەرەتاوە تا نزیکەی ژمارە پەنجا لاپەڕەیەکی تایبەتی بە منداڵان کردۆتەوە بەناوی " ژیر" لەو لاپەڕەیەدا، وێنەی منداڵان، شیعر و چیرۆك و بابەتی تری تایبەت بەو جیهانە بڵاوکردۆتەوە. لە میانی لاپەرەکەدا چەند شیعرێك بۆ منداڵان بڵاوکراونەتەوە دەچنە خانەی ناساندن و فێرکردن"

راخەرێ وان گوڵ چیچەك
فررەندێ تێ لەك ب لەك
هاڤینێ ئەم دچن وان
تەڤی پەز و کۆچ و جان
دەرباز دکن رۆژێن گەش
ل سەر وێ نەفەلا خوەش
دلیزن و دبەزن
هەیانی کۆچ داکەڤن
دەما چیا دبن سار
کولا دلێ من زۆزان
خاسما ل ناڤ کوردستان

ئەو شیعرانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دوو جۆرن، جۆرێکیان شیعری بڵاوکراوەی نێو دیوانی شاعیرەکانن و ستاف

ڕۆژنامەکە جارێکی تر بڵاویکردوونەتەوە، بە تایبەتیش شیعری کۆمەڵێك شاعیری سنووری کرمانجی خوارووو" سۆرانی" پیتەکانی بۆ لاتینی گۆڕیون و بڵاویکردوونەتەوە، ئەم هەنگاوە شایستە بە پێزانین و دەستخۆشییە لە پێناوی ناساندن و دانەبڕانی مێژووی شیعر لە تەواوی کوردستان و دەرەوەدا، بەڵام بەداخەوە لە کاتی گۆڕینی چەند پیتێکدا، لە چەند دەقێکدا سەرکەوتوونین. جۆری دووەم ئەو دەقانەن لە لایەن خودی شاعیرەوە بۆ ڕۆژنامەکە نێردراون بە مەبەستی بڵاوکردنەوە.

لێرەدا نموونەیەك وەردەگرین کە ستاڤی ڕۆژنامەکە سەرکەوتوو نەبووە لە کاتی گۆڕینی پیتەکاندا. بۆ نموونە ئەگەر ئەم شیعرەی " هێمن" بەراورد بکەین بە ڕوونی دیارە کە لە کاتی گۆڕینی پیتەکاندا بۆ لاتینی واتای چەند وشەیەك تێکچووە:

ڕقی پیرۆز، شیعری هێمن:

دەمگرێ ئەمما لە گرتووخانە ڕق ئەستوورترم

لێم دەدا ئەمما لەسەر داوا ڕەواکەم سوورترم

دەمکوژێ ئەمما بە گژ جەللادەکەم دا دێمەوە

کوردم و ناتوێمەوە، ناتوێمەوە، ناتوێمەوە

Rigi Piroz
Dem gire Emma le girt u xane rig esturtirm
Lem deda emma le ser dawa rewakem surtirim
Dem koje emma le kij celladekem da demewe
Kirdum u natwemewe natwemewe natwemewe

لە جیاتی پیتیQ پیتی G داندراوە، هەروەها وایانزانیوە emma ناوە پیتی یەکەمیان بە گەورە نووسیوە. هەروەها کۆمەڵێك هەڵەی زەقی تریشی تێدایە!

ئەو دەقە شیعرانەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، زۆربەی هەرە زۆریان بەشێکن لە هەست و سۆز و خەیاڵی شاعیر دەرهەق بە کێشەی نەتەوە و نیشتمان و خەباتی کوردایەتی و ڕەفتاری نامرۆڤانەی داگیرکەرانی کوردستان:

سترانەك بۆ هەڵەبجە، شیعری م مایی" شیعرێکی درێژە و یەك لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی بۆ تەرخانکراوە، شاعیر خەڵکی دەڤەری بادینانە، بەڵام ئەم شیعرەی بە شێوەزاری سۆرانی نووسیوە:

لۆلۆ مامۆ

هەر لەوێ بوو

بیستم دەنگی چەمی " سیروان "

هەر شەپۆلی ئاوازێکە

لەسەر ژێی کەمانچەی " کارزان "

بۆ من و بەهار و شیعر

هەر دەژەنی، هەر دەژەنی

هەزار حەیران و ستران

ڕۆژنامەکە چەندان دەقی شیعری بۆ هەڵەبجە بڵاوکردۆتەوە، لێرەدا دەقێکی تر وەردەگرین کە شیعری" ژ شەهیدێن هەلەبچە ڕە"یە لە نووسینی شاعیر" ئەسکەرێ بۆیك

هاوارە خوەدێ، ئەڤ چی ئادارە

ئەڤ چ بەهارە، ئاگر دبارە

دشەوتن گوند، ئۆبەو باژار

باهار ژی سووجلوو دکە زارەزار

شیعرەکە١٣ بەشە و یەك لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی بۆ تەرخانکراوە، هەم وەك زمان، هەم وەك شیعر و شیعرییەت پڕە لە گوزارە، وێنە، ڕستەی شیعریی.

هەروەها لە هەمان ژمارەدا ڕۆژنامەکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ شاعیر کردووە، لە ژیانی ئەدەبی خۆی و ئەدەبی کوردی دەوێت، ئەم مانشێتەیان بۆ چاوپێکەوتنەکەی هەڵبژاردووە:" نڤیسکارین کورد ل کو دەرێ ژی بژین، بافرینن ئەو دەنگبێژێن گەلێ کوردن"

لەو دوو شیعرەی سەرەوەدا هەست بە ڕەگ و هەناسەی درامی لە شیعرەکاندا دەکرێت، بەڵام ناتوانین وەك دوو شیعری درامی پۆلێنیان بکەین.

لە تەواوی ژمارەکانیKurdistan press دا، نزیکەی ١٤٧ دەقی شیعری بە هەردوو زمانەکە تورکی و کوردی بڵاوکراونەتەوە، تورکییەکان زیاتر بۆ ناساندنی ئەدەبیاتی کوردییە بە تورك و تورکزمانەکان، بۆ نموونە لە میانی ژمارەکانیدا چەندا لاپەڕەیان بۆ هەژاری شاعیر تەرخانکردووە. لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چاندی ڕووبەری هەرە زۆری بۆ بڵاوکردنەوەی شیعر بە زمانی کوردی تەرخانکراوە، شیعری شاعیرانی هەردوو چوار بەشەکەی کوردستان، بە ڕووسیاشەوە بڵاوکردۆتەوە، ئەوان هەڵوەستەیەکی دیاریان لەبەردەم شیعرەکانی جگەر خوێن و ئۆسمان سەبری کردووە. ئەمە و ئەم کورتە شیعرەی شێرکۆ بێکەس- یشیان بڵاوکردۆتەوە، شیعرەکە ناوی " قەڵەم"ە"

قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت

هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ

نەیانزانی

ڕووی لە کوێ کرد

چونکە ویستیان دایبدەن و

خۆی بە خۆی

بکوژێننەوە

چونکە ویستیان وا بنووسێ

هەر بە تەنیا

سوڵتانەکان

بیخوێننەوە!

شایانی باسە لە دامێنی ئەم شیعرەدا فەرهەنگۆکەك بۆ شیعرەکە کراوە و هاوواتای چەند وشەیەك بە کرمانجی نووسراوە. ئەگەر شیعری فێرکردن وەك جۆرێك لە جۆرەکانی شیعر ئەمڕۆ هێزی خۆی لە دەست دابێت، بەڵام تا دێت شیعری ویژدانی ڕەگوریشەی خۆی باشتر و تۆکمەتر لەنێو مێژووی شیعری ئەمڕۆی کوردیدا دادەکوتێت. شاعیری کورد ئەگەر شیعری قارەمانێتیش بنووسێت ناتوانێت دەستبەرداری ویژدان بێت، ئەم شیعرەی سەبری بۆتانی هەست بزوێن و دڵڕفێنە:

شەپالا وەك گۆلا گەش

ئەز خۆلاما چاڤێن گەش

م دەست هاڤێت دەستێ وێ

خۆ هاڤێتە بەختێ وێ

ئەز دەمێ چومە دەستا

ئاڤا هیزل راوەستا

یاخود لەم چوار دێڕەشدا چەند جوان باس لە دۆخی کورد و ژیانی کوردەواری دەکات:

مۆزیك چەك و چەپەرە

شەڤ و رۆژ هەرە وەرە

کارێ مە کوردە ئەڤە

خەبات و کەیف و شەڕە

Kurdistan press لە چەندان ژمارەدا، لاپەڕەیەك، یاخود زیاتری بەناوی" دەنگێن نوو" کردۆتەوە، بەرهەمەکانی هی ئەو نووسەرانەن تازە دەست بە نووسین دەکەن، یاخود تا ئەو کاتە بەهۆی کەم بڵاوکردنەوە نەناسراو بوون، ئەو بەرهەمانەی لە لاپەڕەکانی دەنگێن نوو بڵاوکراونەتەوە، بە پلەی یەکەم شیعرن بە پلەی دووەم چیرۆکن! ئەمەش نموونەیەکە، لەو شیعرانەی لەو لاپەڕەیەدا بڵاوبۆتەوە: پرس، شیعری ئەحمەد حوسەینی"

زڤستان گەرمە

بینا مرنێ

ژ بارانێ تە

ئەورەك پرس

وێ نێزیك ببارە

ژ بەر! !

دلێ من

ب خوەدێ نکارە

ئەمەو ڕۆژنامەکە گرنگییەکی دیاری بە بواری وەرگێڕانی دەقی ئەدەبی داوە، بۆ نموونە لەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە وەرگێڕدراون و لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە، دوو بەرهەمی ناوازەن، بەرهەمی یەکەم شانۆگەری" زمانی چیا"، ئەویتر شیعری ٣٣ گوللەی شاعیری کوردی بە تورکینووس ئەحمەد عارف– ە،

ئەو چیا چیایێ مەنگەنەیێ یە

دەما ل وانێ رۆژ داڤێ

ئەڤ چیا زارۆکێ نەمرودێ یە

دەما ل هەمبەر نەمرودێ رۆژ داڤێ

سەرەڕای ئەو شیعرانەی لە پێشەوە ئاماژەمان پێدان، چەندان شیعری تر لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوە دەتوانرێت، دەیان لێکۆڵینەوەو وتاری ڕەخنەییان لەبارەوە بنووسرێت.

## 2.3. تەوەری دووەم: هونەری پەخشان

**1.2.3. دەستپێك:** هەر لە سەردەمی یۆنانەوە باسی هونەرەکانی شیعر و پەخشان کراوە، بەڵام پەیوەست بە چوارچێوەکانی ئەوێ رۆژێ، لە سەرچاوەیەکدا پێناسەی پەخشان بەم شێوەیە کراوە" هونەرێکە، وێنە و هۆش و هەستی مرۆڤ پیشان دەدات، بەڵام دوورە لە کێش و سەروا. لە ڕۆژگاری یۆنانەکاندا تراجیدیا هۆنراوە بووە، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر بە پەخشان دەنووسرێت. ئەوێ کاتە هونەرەکانی پەخشان ئەم جۆرانە بوون: " پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، گوتاردان، حکایەت و ئەفسانە، نامە و نامیلکە، کتێب دانان. پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسولێ رای وایە کە مەولودنامەکان سەرەتان بۆ پەخشانی کوردی، بەڵام تا ئێستا ساغ نەبۆتەوە ئایا پێش مەولودنامەکان پەخشانی ترمان هەبووە!

وەك چۆن ڕووداو و ژیان پەیوەستن بەیەکەوە، بەهەمان شێوە ژیان پەخشانێکی بەردەوامە، بەڵام ئەوەی لێرەدا قسە و باسی لەبارەوە دەکەین هونەرکارییە لە ژیاندا چونکە " مەرج و بنەماکانی پەخشانی ڕەوان بریتییە لە" یەکەم ژیرییەکی پێگەیشتوو، دووەم خەیاڵ و بۆچوونێکی فراوان، سێیەم بەکارهێنانی بیر بۆ وەدەست خستنی چاکترین شێواز و وتە و مانا ".

ئەم هونەرەش وەك هونەرەکانی تر لەگەڵ گۆڕانکاریی و پێشکەوتنەکان لە ئاستی مرۆڤایەتی و زانستیدا جۆرەکانی گۆڕاون، ئەمڕۆ پەخشانی هونەری بۆ ئەم جۆرانە پۆلێنکراون: وتار، چیرۆك، رۆمان، شانۆ، ژیاننامە و بیرەوەری و بەرهەمی تر. بەڵام لێکۆڵەر لەم بابەتەدا تەنیا لەسەر پەخشانی ئەدەبی دەوەستێت و لەو گۆشەیەوە کۆمەڵێك تێکست لە ڕۆژنامەی Kurdistan press هەڵدەهێنێت و ئاماژە بە ئاست و پلەیان دەدات، بەڵام نابێت ئەوە فەرامۆش بکرێت کە پەخشانی ئەدەبی" هەموو ئەو پەخشانانەیە کە ڕێچەکەی ئەدەبیان گرتووە و لە نووسینی سیاسی یان ئابووری یان هەواڵی ڕۆژنامە یان نووسینی زاناکان و پزیشکان جیادەکرێتەوە. لە داڕشتن دا پوخت و لە بیر و لێکدانەوەدا بە سۆز و هەست بزوێنن و نووسەر تەعبیر لە قووڵایی دەروونی خۆی دەکات و لە ڕوانگەی تێڕوانین و سەرنجی تایبەتی خۆیەوە دەڕوانێتە ژیان و کۆمەڵ و سروشت ". بە وەرگرتن و ئاماژەدان بە تێکستەکانی نێو ڕۆژنامەی

ناوبراو لەسەر جۆرەکانی پەخشان دەوەستێن و ئاستی گرنیگدانی ڕۆژنامەکە بەو هونەرە ئاشکرا دەبێت"

**2.2.3. وتاری ئەدەبی:** ئەم هونەرە بریتییە لە کورتە نووسینێك کە گوزارشت لە نووسەر، ئەدیب، ڕۆژنامەنووس دەکات، باشترە کورت و پوخت بێت. دەکرێت سەرەتای وتاری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا وابەستە بکرێت بە چاپکردنی یەکەمین نووسین سەبارەت بە ئەدەب، یاخود ئەو وتارە و گفتوگۆ زارەکییانەی کە لە گۆشەی مزگەوتەکاندا سەبارەت بە شیعر و نووسین کراون. بەڵام وەك بەڵگەنامەی بەردەستی نووسراو دەبێت دیسان ئاماژە بە " کوردستان ١٨٩٨" وەك یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بدرێت، کە لە دووتوێی لاپەرەکانیدا چەندان وتار و بۆچوونی سەبارەت بە ئەدەب لە شێوەی وتاردا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام وەك کتێب" کۆنترین دەقی پەخشانی نووسراوی کوردی کە تا ئێستا دۆزرابێتەوە کتێبەکەی عەلی تەرەماخی یە، کە گوایە ساڵی هەزاری کۆچی بەناوی سەرف کوردی نووسیویەتی ".

ڕۆژنامەی Kurdistan press پڕە لە وتاری جوانی ئەدەبی، دیارە ناکرێت، یەك بە یەك ئاماژە بە وتارەکان بدەین، قسە و باسیان لەبارەوە بنووسین، هەر وەك نموونە تەنیا ئاماژە بە دوو وتار دەدەم" "چەند گۆتن " ناونیشانی وتارێکی شاعیر و نووسەر ئۆسمان سەبری یە، لە دوو توێیی چوار پەرەگرافدا چەند پرسێك دەخاتەروو:" هەیا دەمەکی پر نیزیك خوەندایێن مە کوردان وەك باڤ و کالێن خوە دگەل زمان و دیرۆکا گەلێ خوە بەندەوار نەدبون. لێ د ڤان چەند سالێن پاشین دا هن خۆرتێن ب رومەت چاڤدانە خوەندن و نڤیساندنا زمانێ خوە. باوەرم کو ئەڤ تەڤگەر دەستپێکا هشیاربونێ یە، کو کرەکە هۆلێ دلێ هەر کوردەکی بیربر و گەلپارێز گەش دکە.

ئەڤ هەرچار هویەرێن کو د دورێ پرتوکەکێ دا ددم چاپێ، بەری هەژدە سالان من ژ کۆڤارا چیا را شاندبو و تێ دا هاتبون بەلاڤکردن. ئیرۆ ژی دخوازم ڤان بویەرێن کو بەری چل– پێنجی سالی هن برایێن مە ئێن کورد پێ رابونە و ل پێش نەیاران ب چ میرانییێ شەر کردن و ب خورتیا دلێن خوە چاوا چاڤێن دژمن شکاندنە و سەرێ گەلێ خوە بلند کرنە ژ نوڤا بدم بەر چاڤێن خۆرتێن کورد، دا بزانن رومەت، مێرانی و گەلپارێزی چاوا بویە و مە ئیرۆ چ دڤێ بکن" لە کۆتایدا نووسیویەتی:" قەنجێ گەل و قەنجخوازێ نیشتمان ئەون کو د رێیا سەرخوەبونێ و پاراستنا گەل دا ب جۆمەردی دمرن. سەد خوەزی ب دلێن وان شێران". دەکرێت رەخنە لە ئاماژەدان بەم وتارە بدرێت کە پەیوەندیدار نیە بە ئەدەب! ڕاستە، بەڵام خاڵی هەرە لە پێشەوە بۆ ئاماژەدان بەم وتارە نووسینی نووسەر و ئەدیبێکی کوردە، هەروەها هەڵوەستەی لەسەر دیرۆك کردووە، دیرۆکیش هەر تەنیا کۆمەڵێك ژمارە و ڕووداوی سیاسی و حزبی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناگرێتەوە، ناکرێت ئەدەبیش لەو مێژووەدا هەڵاوێر بکەین!

وتارەکەی نووسەر بە کوردییێکی ڕەوان و هونەرکارییێکی جوان داڕێژراوە. هەروەها هەست دەکرێت ئەدیبێك نووسیویەتی چونکە وتارەکە پڕە لە چنین و ڕستە و دەستەواژەی ئەدبیانە!

لە یادی دوو ساڵەی کۆچی دوایی شاعیر جگەرخوێن وتارێك بە ناونیشانی" جگەرخوێنی کورد" بڵاوکراوەتەوە، ئەمە چەند دێڕێکە:" هەر چەندە شاعیر لە سەرەتادا بە جگەر خوێنی کورد ناوی دەرکردوە، بەڵام هێدی هێدی ووشەی جگەرخوێن بە تەنیا دەمێنێتەوە و هەر هەمان واتەش دەبەخشێ... جگەر خوێن پەروەردەی شاخ و چیای کوردستانە، دەرچووی مزگەوت و حوجرەکانە، گوێچکەی بە شیعرە پڕ سۆزەکانی ئەحمەدی خانی و بیری ئازادی حاجی قادری کۆیی کرایتەوە، چاوی بە دیمەنی لاشەی هەڵواسراوانی خەبات گێڕانی کوردستان هەڵهێناوە.... شیعرەکانی جگەرخوێن چەکێکی بەکاربووە لە خەباتدا، ووشەکانی وەك گوللە جەرگی دوژمنی سمتوە، داگیرکەری ریسوا کردوە، ئاغا و شێخەکانی پەژارە کردوە و جوتکار و بەلەگەزەکانی بۆ خەبات هان داوە ". بەداخەوە ئیمزای نووسەر بەسەر وتارەکەوە نیە و بۆم ساغ نەبووەوە کێ نووسیویەتی. ئەم نووسینە پەخشانێکی هونەری و هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبیانە و بۆچوونێکی وردە سەبارەت بە جگەرخوێن و بەرهەمەکانی.

ئەمە و دەکرێت ئەو بابەت و کورتە نووسینانەی دەچنە خانەی رەخنە و بۆچوونی کەسییەوە بخرێنە ئەو چوارچێوەیە، چونکە رەخنەش هونەرێکە بە چەندان قوتابخانە و ڕێباز و تەوژمێکدا تێپەڕیوە، کە لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا هەڵگری خاسیەت و تایبەمەندی خۆی بووە، ئەگەرچی ئەو هونەرە بە درەنگ و لە ڕێگای ئەدەبیاتی گەلانی ناوچەکە بۆ ئەدەبی کوردی پەڕیوەتەوە، بەڵام هەر زوو جێگە و پێگە و ڕێگەی بۆ خۆی گرتووە و بە گرنگیدانەوە کاری لەسەر کراوە، نەخوازەڵڵا لە سەرەتا زووەکانی سەدەی رابردوودا.

لەگەڵ وەرگێڕانی چەند پارچە شیعرێکی ئەحمەد عارف ئەم دوو وتارە دەربارەی شاعیر و شیعرەکانی بڵاوکرانەتەوە، یەکێکیان لە نووسینی محەمەد ئۆزون بە ناونیشانی" سێ شاعیرێن کورد لە پەرەگرافی یەکەمیندا نووسیویەتی:" سێ نڤیسکار" ئەحمەد عارف، کەمال بورقای، ئۆرهان کۆتان. هەر سێ ژی شاعیرن و ژ کوردستانا باکورن. هەر سێ ژی، ل گۆرا خوە ، ناڤدارن. و هەر سێ ژی ب ترکی دنڤیسن و زمانێ وان یێ رۆناکبیری و نڤیسینێ ترکی یە. هەروەها وتارێکی تاریق رەفیق بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراوە و لە شیعرەکانی ئەحمەد عارف دەدوێت.

**3.2.3.چیرۆك:** چیرۆك هونەرێکی بەربڵاو و دیاری هونەرەکانی ئەدەبە و هەردەم لە دوای هونەری شیعر زۆرترین ڕووبەری داگیرکردووە، تەکنیکی چیرۆك دەوەستێتە سەرچەند رەگەزێك

لەوانە" رووداو، گرێ، کەسەکان، واتا، چنین، کات، شوێن، یەکێتی بینا، ئەم هونەرە " هەواڵێك دەگێڕێتەوە بەڵام مەرج نیە هەموو هەواڵێك چیرۆك بێت، بۆئەوەی هەواڵ ببێت بە چیرۆك پێویستە چەند خاسیەتێکی تێدابێت. وەك سەرەتا و ناوەند و کۆتایی ". کورد دەمێکە ئاشنا بووە بە چیرۆك بە تایبەتیش ئەگەر حکایەت و مەجلیسە گەرمەکانی گوێ ئاگردانی کوردەواری فەرامۆش نەکەین، کە شەوانە بە تایبەتیش لە زستاندا هەزاران راز دەگێڕدرانەوە، بەڵام ئەوەی لەم بابەتەدا شوێنی بۆ تەرخانکراوە، چیرۆکی هونەرییە، مێژووی ئەم هونەرە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە، ئەمەش بە گوێرەی دەرفەت و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنە ئابووری و تەکنۆلۆجییەکان گۆڕانکاریی تێدا کراوە.

رەگەزەکانی چیرۆك بریتین لە" کەس، پاڵەوان= کێ؟. کات= کەی؟. شوێن= لە کوێ؟. رووداو= چۆن؟. سەبارەت= بۆچی؟. ئەنجام= چی؟ . وەك دەقی چیرۆك بۆ یەکەمینجار گۆڤاری رۆژی کورد چیرۆکی شەویش بە ئیمزای فوئاد تەمۆ لە ژمارە ١ و ٢ دا بڵاودەکاتەوە، پاشان لە ژمارە ٣ دا لەسەر هەمان شێواز و ناوەرۆکدا دەقێکی تر بڵاودەکاتەوە، کە لە دەقەکەی فوئاد تەمۆ نزیکە . دوای ئەمە بەهۆی پێشڤەچوونی رۆژنامەگەریی کوردی، چیرۆکی هونەری کوردیش پێشکەوت .

لە ژمارەکانی Kurdistan press دا زیاتر لە ١٥ چیرۆکی خۆماڵی و چەند چیرۆکێکی وەرگێڕدراو بڵاوکراونەتەوە. چیرۆکەکان لە ئاستی زمان، تەکنیك، چنینی رووداو جیاوازن. وەك نموونە سەرەتا ئاماژە بە بە چیرۆکێکی فرات جەوەری دەدەم. چیرۆکەکە بە ناونیشانی " کێزکا بێناڤ"و لە ژمارە ٨٣ بڵاوبۆتەوە." کەسێك لە شامەوە بۆ قامیشلو دەچێت لە هوتێل دادەبەزێت، شەو خەون بە کچێك دەبینێت، کە بەیانی خەبەری بۆتەوە ناوی ئەو کچە لە لای بۆتە مەراق، لە خەڵکی شام و حەلەب دەپرسێت ناوی ئەو کچە چییە؟ ئەوانیش دەڵێن: " خەیۆ وەللاهـ ئەم نزانین ". ئەم چیرۆکە بە زمانی کوردییێکی رەوان و پاراو، چنینێکی جوان نووسراوە و سوود لە تەکنیکی نوێی نووسینی چیرۆك وەرگیراوە.

هەروەها هەڵوەستە بۆ ئەم چیرۆکەی نورەددین زازا دەکەم، نووسەر لە رۆژی ١٩٧٨/١/٢٦ چیرۆکی" کورمێ دارێ " نووسیوە و پاشان لە رۆژنامەی Kurdistan press بڵاویکردۆتەوە. سێ کەسایەتی سەرەکی رۆڵ دەبینن، شوێن ئامەدە لە باکووری کوردستان و باس لە سەرەتاکانی دروست بوونەوەی خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان دەکات.

سێ جامێرێن کورد، گهانە هەڤ، ب هەڤ رە رونیشتنە و دپەیڤن.

باڤێ رەشۆ ژ کوردستانا ترکیێ یە، باڤێ مستێ ژ یا سوریێ یە و باڤێ رستەم ژی یا ئیرانێ یە. ،مەرڤێن خوەشرەوشن و ئەمرێ وان د ناڤ ٤٥ و ٥٥ سالان دە یە. ل ئامەدێ، ل مالا کوردێ سوریێ نە.

باڤێ مستێ: مە کر نەکر مە ژی کورێ خوە زەفت نەکر" ئەوی ژی چوو خوە گهاندە وێ دەرێ و کەتە پارتیا جەلال " د تەخمینا من دە ژی رە " یەکێتیا نیشتمانی" دبێژن. ما کورێ تە ب کیژان پارتی رە یە؟ من بیهیست کو کوردێن کو ژ ترکیێ تێن ب پارتی دیموکرات رە نە.

ئەگەرچی لەباری هونەری تەکنیکی نووسینی چیرۆکدا، بابەتەکە جوان چینی بۆ نەکراوە و زیاتر ئاوێزان کراوە بە حکایەتی سەردەم، بەڵام لە ناوەڕۆك و داڕشتن و زمان پاراویدا ئاستێکی دیاری هەیە، لە ناوەڕۆکدا ئاماژەدانە بە فەرامۆشکردنی خەباتی حزبی و گەڕانەوەیە بۆ خەباتی کورد و کوردایەتی، وەك ئەڵتەرناتیڤێك بۆ ژیانی حزبایەتی.

ئەگەر وەك دەقێکی ئەدەبی خوێندنەوە بۆ ئەم چیرۆکە بکرێت دەچێتە چوارچێوەی چیرۆکی تەرکیبی و ناچێتە خانەی چیرۆکی تەحلیلییەوە، چونکە چیرۆکی تەحلیلی" زیاتر بایەخ بەشی کردنەوەی باری دەروونی پاڵەوانی چیرۆك دەدات وەك

4.2.3.**شانۆنامە**: شانۆ لە لای یۆنانییەکان، لەگەڵ ناسینی ئاین داهێنراوە. ئەوان دوو جەژنیان هەبووە لە جەژنی لینیا دەقی کۆمیدیا و لە جەژنی دایونیسوس تراژیدیا پێشکەش دەکرا. پاشان لەگەڵ رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا شانۆگەریش پێشکەوت و جۆرەها شێوە و شێوازی وەرگرت. دوای هەزاران ساڵ ئینجا کورد ئاشنابووە بە ژیانی شانۆنامە و شانۆگەریی، یەکەمین شانۆنامەی کوردی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری بەناوی پیەسی " مەمی ئالان" نووسیویەتی، هەروەها جەمعیەتی زانستی کوردی کە لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی رابردوو لە شاری سلێمانی دامەزراوە، رۆڵێکی دیاری گێڕاوە بۆ پەرەپێدانی شانۆی کوردی، ئەمەو پێش دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەیە، ساڵی ١٩٢٢ چیرۆك یان شانۆگەری ( قڕالیچە) لە شاری سلێمانی، لە گۆرەپانی ئەسحابەسپی پێشکەشکراوە. پاشان ساڵی ١٩٢٨ لە کۆیە چەند چیرۆکێك لە ژێر چاودێری مەلا محەمەدی کۆیی پێشکەشکراوە، لە هەولێریش ساڵی ١٩٣٠ چیرۆکی ( کچی کوردستان) پێشکەشکراوە . ئەمانە سەرەتان، پاشان کوردەواری ئاشنا بووە بە ئەزموون و پێشکەوتنەکانی شانۆ لە جیهاندا. سەرەتای هەفتاکانی سەدەی رابردوو، قۆناغی دامەزراندن و پێشکەوتنی شانۆیە لە کوردستاندا. دەقی شانۆیی لە سەرەتادا وەك دەقێکی شیعریی ئامادەکراوە نووسراوە، بەڵام هەڵگری هەمان خاسیەت و پێکهاتەی دەقێکی شیعری رووت نەبووە، بە تایبەتیش لە سەردەمی یۆنان، پاشان رۆمانیشدا پێگەی خۆی لە دەست نەداوە ئەوەی جێگای هەڵوەستەیە لە ژمارە٧٩دا دەقی شانۆیی"زمانی چیا"ی نووسەری بەریتانی هارلۆد پینتەر بڵاوکراوەتەوە، دەقەکە محەمەد ئۆزون بۆسەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە، بەڵام دیار نیە لە کام زمان

وەریگێڕاوە! شانۆگەرییەکە سێ لاپەڕەی رۆژنامەکەی گرتووە، وەرگێڕ لە میانی یەك لاپەڕەی رۆژنامەکەدا وتارێکی وردی سەبارەت بە ناوەڕۆکی دەقەکە نووسیوە، وتارەکە لەژێر ئەم ناونیشانە دایە:" زمانێ چیان و زمانێ کوردی. ئۆزون دەنووسێت" ساڵی ١٩٨٩ بۆ یەکەمینجار لە وڵاتی هۆڵەندا هارلۆد پینتەری بینیوە. بۆ ئاشنابوون بە دیمەنێك لەشانۆگەرییەکە و ئاستی زمانی وەرگێڕانەکەی چەند دێڕێك دەنووسمەوە:

رێزەکە ژ ژنان. پیرێژنەکێ، دەستێ وێ پێچایی. ئەلبکەکێ ل بەر لنگێ وێ. ژنەکە جوان کو ئالیکاری ل دەست و ملێن پیرێژنێ دکە. چاوشەکی تێ، ل پەی وی زابتەکی. زابت، ب تلی. ژنا جوان نیشان ددە.

چاوش: ناڤێ تە؟

ژنا جوان: مە ناڤێ خوە گۆتییە.

چاوش: ناڤێ تە؟

ژنا جوان: مە ناڤێ خوە گۆتییە.

چاوش: ناڤێ وە؟

زابت ( ژ چاوش رە): دەڤێ خوە بگرە. ( ژ ژن جوان رە) گلییێن تە هەنە؟

ژنا جوان: پیرێ... ئەو گەز کرن.

زابت: کێ؟

* ناڤبەر

کێ؟ کێ گاز کر؟

ژنا جوان: ئەڤ، پیرێ. دەستێ وێ گەزکری یە. لێ بنهێرە. دەستێ وێ گەز کرن. بنهێرە، ئەڤ خوینە.

چاوش ( ژ ژنا جوان رە): ناڤێ تە چی یە؟

زابت: دەڤێ خوە بگرە

* ئەڤ بەر ب پیرەژنێ دەرە.

چ ب دەستێ تە قەومی؟ کەسەکی دەستێ تە گەز کر؟

* پیرەژن هێدی دەستێ خوە بلمد دکە و ل وی دنهێرە.

کێ وەها کر؟ کێ دەستێ تە گەز کر؟

ژنا جوان: سەگەکی هار.

زابت: کیژان

* ناڤبەر.

**5.2.3.رۆمان :پسپۆران** و رەخنەگران لەسەر چەند بنەمایەك چیرۆك و رۆمان لە یەکتر جیادەکەنەوە بە تایبەتیش لەباری تەکنیك و درێژ و کورتیدا، رایەك هەیە کە رۆمان پێویستە ژمارەی وشەکانی لە پەنجا هەزار تا شەشت هەزار وشە بێت. بۆ سەرهەڵدانەکەشی وابەستەی دەکەن بە پەیدابوون و پێشکەوتنی پیشەسازی و شار. تا ئێستاش کە باس لە رۆمانی کوردی دەکرێت ئاماژە بە رۆمانی " مەسەلەی ویژدان١٩٢٧-١٩٢٨" ی ئەحمەد موختار جاف و پێش ئەمیش "لە خەوما١٩٢٥" ی جەمیل سائیب دەکرێت. پاشان ناوی دەقێکی محەمەد عەلی کوردی دێت بەناوی" نازدار یا کچی کورد لە لادێ" کە ساڵی ١٩٣٦ بە ئەلقە لە گۆڤاری " رووناکی" بڵاوبۆتەوە. ئینجا " پێشمەرگە"ی رەحیمی قازی و " ئاشتی کوردستان" ی محەمەد ساڵح سەعید و " ژانی گەل" ی ئیبراهیم ئەحمەد، ئەمانە دەبنە سەرەتا بۆ رۆمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا، هەروەها لە لای کوردەکانی یەکێتیی سۆڤیەتیش کارەکانی عەرەبی شەمۆ بە تایبەتیش رۆمانی " شوانی کرمانج" تا ئێستا بە یەکەمین رۆمانی کوردیی دێتە ژمارکردن کە بە شێوەزاری کرمانجی چاپکراوە لە ساڵی ١٩٣٥دا، هەروەها نابێت بەرهەمەکانی سەعید ئیبۆ، حاجی جندی و عەلی عەبدولرەحمان – مەمیدۆڤ نابێت فەرامۆش بکرێن.

زۆر بە کورتی رۆمانی کوردی بەسەر ئەم قۆناغانەدا دابەش کراون:

١- هەوڵە سەرەتاییەکان ١٩٢٧- ١٩٧٠

٢- وەستان ١٩٧١- ١٩٨٠

٢- قۆناغی دامەزراندن ١٩٨١- ١٩٩٠

٣- قۆناغی پێشکەوتن ١٩٩١ تا ئێستا

لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو رۆژنامەگەریی کوردی بە بەرنامە دەستی بە بڵاوکردنەوەی بابەت و تەوەر کرد لە پێناوی برەودان بە پێویستی بوونی رۆمان لە لای کورد. یەکێك لەو رۆژنامانە Kurdistan press بوو کە چەندان بابەت و لێدوان و شیکاری سەبارەت بە رۆمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە . لێرەدا ئاماژە بە چەند بابەتێك دەدەم کە لە ژمارەکانی بڵاوکراوەتەوە:

رۆمان و کورتە چیرۆك، ژمارە ٥٧. لاپەڕەکانی ئەدەب و چاند لە ژمارەکانی ٨٣، و٨٤ و ٨٥ تەرخانکراوە بۆ رۆمان، لە ژمارە ٨٨ دا خوێندنەوە بۆ رۆمانێك کراوە، هەروەها لە چەندان ژمارەی تردا خوێندنەوەی تر بۆ رۆمانی ژانی گەل و کارەکانی سەلیم بەرەکات و عەرەبی شەمۆ و چەندان نووسەری تر کراوە.

**6.6.3. بابەتی تر:** لە ژمارەکانیKurdistan press دا چەندان بابەتی تر لە لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چاندا بڵاوبوونەتەوە، کە شایستە بە لێدوان و لێتوێژینەوەن، بەڵام دیارە ئێرە تەنیا تایبەتە بە هونەرەکانی ئەدەب. لە لاپەرەکانی پێشوودا لە دوو جۆری هونەری ئەدەب " شیعر، پەخشان" دواین. لە پەخشاندا باسمان لە" وتار، چیرۆك، شانۆگەریی کرد. لێرەدا دەپرسم ئەی مێزگەرد و ئەو چاوپێکەوتنانەی لە رۆژنامەکەدا بڵاوبوونەتەوە، تەنیا دەچنە خانەی هونەری رۆژنامەگەریی و پەیوەندیدار نین بە هونەری ئەدەب!؟ بەرای من ئەگەر هونەری رۆژنامەگەرییش بن، بەڵام هونەری ئەدەب لەو دوو بابەتەدا غائیب نیە، بەڵکو چاوپێکەوتنەکان و ئەو تاکە مێزگەردەی بڵاویکردۆتەوە، لە وتاری ئەدەبی نزیکن و هەست دەکرێت وەڵامەکان کورتە وتاری ئەدەبین، هەر بۆیە لێرەدا تەنیا ئاماژەیان پیدەدەم"

أ- دێبات– مێزگەرد" لە ژمارە ٧٨ دا لە لاپەڕە ١٠ و ١١ دێباتێکی سەرنجڕاکێشەر لەژێر ئەم ناونیشانەدا بڵاوکراوەتەوە:" رەوشا ئەدەبیاتا کورمانجی ل کوردستانا باشوور" محەمەد ئۆزون مێزگەردەکەی بەڕێوەبردوەو هەر یەکێك لە مەحفوز مایی و خەلیل دهۆکی بەشدارن. ئۆزون بەم پێشەکییە دەستی بە دێباتەکە کردووە" هەڤالنۆ، هون ژ کوردستانا ئیراقێ نە، ب زاراڤێ کورمانجی دنڤیسن. کوردێن ل کوردستانا سوریێ و ترکیێ هەیە وان ژ نڤیساندنێن وە تونە. مە دلهەبو کو ئەم هنەك ئاگاهداری بێن خوێندەڤانا ل سەر رەوشا ئەدەبیاتا کو ب زاراڤا کورمانجی ل کوردستانا ئیراقێ تی نڤیساندن. هون دکارن بەحسا رەوشا خوە ب خوە بکن، ئێ بەحسا کێمانی و ئیمکانێن خوە بکن و دانوستاندن د ناڤبەرا ئەدەبیاتا کو ب کورمانجی و سۆرانی ل کوردستانا ئیراقێ دە تی نڤیساندن بەحس بکن. ئێ ب پارچێن فن رە دانوستاندن چاوانە و دڤێ چ د ڤی وارێ دە بێ کرن. مە دخواست ئەم ل سەر ڤێ یەکێ ب هەڤ رە بپەیڤن.

لە میانی کۆمەڵێك پرسیاردا هەر یەکێك لە خەلیل دهۆکی و مەحفوز مایی بە گوێرەی بینین و خوێندنەوە و ئەزموونی خۆیان وەڵامی پرسیارەکانیان داوەتەوە. بۆ نموونە بۆ وەڵامی پرسیارێك ئایا لەو ساڵانەدا لە کوردستانی عیراقدا هیچ رۆژنامە و گۆڤارێك بە زاری کرمانجی دەردەچێت؟ خەلیل دەهۆکی دەڵێت" ل دهۆکێ ڤان سالێن داوین رۆژنامەیەکێ دەرکەت ژ بۆ خۆرتێن کورد ب زاراڤێ کورمانجی ناڤێ وێ " دەنگێ مە "یە. نڤیسکارێن خۆرت و نو ل ڤێ رۆژنامێ دنڤیسینن. یەکێك لەو کێشانەی لە دێباتەکەدا هەڵوەستەی بۆ کراوە نەبوونی رۆمانە، محفوز مایی ئاماژە بە هەوڵێك دەدات بۆ نووسینی رۆمان لە لایەن نزار سەعید دا.

ب- چاوپێکەوتن" لەژێر ناونیشانی" زنجیرا نڤیسکارێن کورد" هەر لە ژمارە هەفتادا تا دوا ژمارە کە ژمارە نەوەد و سێ یە، لە رێگای چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی دەق و وتاردا گرنگی بە بەرهەمی ئەم شاعیرانە دراوە و لە لاپەرەکانی ئەدەب و هونەر و چانددا لاپەڕە یاخود زیاتری بۆ تەرخان کردوون:

شێرکۆ بێکەس، ژمارە ٧٠
ئیحسان ئاکسۆی، ژمارە ٧٢
ئۆسمان سەبری، ژمارە ٧٤
کوردۆ حوسێن، ژمارە ٧٥
مالمیسانژ، ژمارە ٧٧
کۆیۆ بەرز، ژمارە ٧٧
ئەحمەد قەرەنی، ژمارە٧٧
موئەیەد تەیب، ژمارە ٧٨
ئەحمەد عارف، ژمارە ٨٠
کەمال بورقای، ژمارە ٨٠
ئۆرهان کۆتان، ژمارە ٨٠
ئەسکەرێ بۆیك، ژمارە ٨١
تیرێژ، ژمارە ٨٢
ناجی کوتلای، ژمارە ٨٣
تۆسنێ رەشید، ژمارە ٨٣
فرات جەوەری، ژمارە ٨٣
موسا عەنتەر، ژمارە ٨٤
تۆری، ژمارە ٨٥
سەعیدێ ئیبۆ، ژمارە ٨٦
خەلیل دهۆکی، ژمارە ٨٦
مەحفوز مایی، ژماارە ٨٦
قادر رەشید، ژمارە ٨٧
شاهینێ ب سۆرەکلی، ژمارە ٨٨
ئیبراهیم ئەحمەد، ژمارە ٨٩
مەحمود باکسی، ژمارە ٩٠
عەبدوڵڵا گۆران، ژمارە ٩٠
دەروێش م فەرحۆ، ژمارە ٩٠
کارلێنێ چەچانی، ژمارە ٩١
بابایێ کەلەش، ژمارە ٩١
ئەمەریکێ سەردار، ژمارە ٩١
مامۆستا هێمن، ژمارە ٩٢
تاهارێ برۆ، ژمارە ٩٣
ڤاقار کوخی، ژمارە ٩٣

بە جارێکی تر خوێندنەوەی بەرهەم و چاوپێکەوتنەکانیان، ئاستی ئەوێ رۆژێی ئەدەب و بیرکردنەوە و رۆشنبیریی ئەو ئەدیبانەمان بۆ دەردەکەوێت!

## 4.ئەنجام و راسپاردە

١– رۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگەدا بە جۆرێك فەرامۆشکراوە، تا ئێستا دەرفەتێك نەڕەخساوە هەر هیچ نەبێت لە سەرەتادا کۆبکرێنەوە و پۆلێن بکرێن، ئینجا لە مەڵبەندێك یاخود لە شوێنێکی شیاو و شایستە بپارێزرێن.

٢– رۆژنامەگەریی کوردی لە تاراوگەدا وەك رۆژنامەگەریی وڵات، بریتین لە رۆژنامەی حزبی، رێکخراوەیی، گشتی و تایبەتمەند، لەژێر هەر ناوێك دەرچووبن، بڵاوکردنەوەی ئەدەبیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵام لە رۆژنامەیەك بۆ یەکێکی تر ئەو رووبەرەی تەرخانیان کردووە جیاوازن.

٣– رۆژنامەی Kurdistan press ئەگەرچی لە رووپەڕی پێشەوەیدا نووسراوە رۆژنامەیەکە ١٥ رۆژ جارێك دەردەچێت، بەڵام لەبەر کێشەی ئابووری نەیتوانیوە، هەموو پازدە رۆژ جارێك دەربچێت. لە ساڵی ١٩٨٦ تا ١٩٩٢ لە ستۆکهۆڵم دەرچووە.

ڕۆژنامەیەکی گشتی بووە بەڵام سیاسەت زۆرترین ڕووبەری بۆ خۆی بردووە، ئەگەرچی بە زمانی کوردی" پیتی لاتینی" و تورکی دەرچووە، بەڵام بەشە تورکیەکەشی بۆ باسکردنی کێشەی کورد و هەواڵەکانی پێشمەرگە و ڕەوەندی کوردستانی تەرخانکردووە، لە لاپەرەکانی پێشوەیدا هەست بە لایەنگری حزبی دەکرێت، بەڵام لەو لاپەرانەی بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی، هونەری و چاندی تەرخانی کردووە، هەست بەو لایەنگرییە ناکرێت.

٤- بە گوێرەی بەدواداچوونی توێژەر ئەم ڕۆژنامەیە، دەوڵەمەنترین ڕۆژنامەی سیاسی کوردییە کە لە تاراوگە دەرچووبێت و بەو شێوەیە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی دابێت.

٥- لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕۆشنایی خراوەتەسەر هونەری شیعر و هونەری پەخشان لە ڕۆژنامەکەدا، لەو بوارەدا کۆمەڵێك دەق بڵاوکراونەتەوە بەشێکن لە ڕووداو و ژیانی ڕۆژنانەی نەتەوەیەك لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا چەوساوەتەوە، شەهید کراوە، زیندانی کراوە، لە خاکی خۆی ئاوارە و دەربەدەر بووە. ئەدەبی نێو ڕۆژنامەکە ئەدەبی زیندان، ئەدەبی سیاسی، نیشتمانپەروەری، قارەمانێتی و ئەدەبی پێشمەرگەیە.

٦- لە پێناوی باشتر و زیاتر ئاشنابوون بە ڕۆژنامەکە پێشنیار دەکەم جارێکی تر تەواوی ژمارەکانی بە تیراژێکی زۆر لە یەك بەرگدا چاپ و بڵاوبکرێنەوە، هەروەها ڕاسپاردەم بۆ بەشی کوردی لە زانکۆکانی کوردستاندا لیژنەیەك پێك بهێنێن بە سۆراغکردنی ئەو جۆرە ڕۆژنامانە بە تایبەتیش ئەوانەی بە کرمانجی بە پیتی لاتینی چاپکراون، هەر هیچ نەبێت جارێ بابەتە ئەدەبی، هونەری و کولتورییەکان پیتەکانیان بگۆڕدرێن و چاپ بکرێنەوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەیەکی وەك Kurdistan press دەیان دەق، چاوپێکەوتن و وتاری تێدایە دەکرێت لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە بنووسرێت و ببن بە سەرچاوە بۆ بابەتی ئەکادیمی.

## 5.سەرچاوەکان

### 1.5. بە زمانی کوردی:

1-ئیسماعیل تەنیا، ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی (١٩٧٥-١٩٩٣) ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٣

2-جەمال خەزنەدار، ئینسکۆپیدیای ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەرگی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤

3-دڵشاد عەلی " دکتۆر"، بنیاتی هەڵبەست لە هونراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ١٩٩٨

4-سابیر ڕەشید، ڕۆمانی کوردی خوێندنەوە و پرسیار، ، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانە دیار نیە، هەولێر ٢٠٠٧

5-شوکریە ڕەسول، ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ١٩٨٩

6-عەزیز گەردی، پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی ئەدەبیات- بەشی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر١٩٨٧

7-عبدالرزاق بیمار، پەخشانی کوردی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی دار الحریە للگباعە، بەغدا ١٩٩٨

8-عیزەدین مستەفا ڕەسول " دکتۆر"، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، بەغدا ١٩٧٠

9-نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی کوردی ١٩٦١- ١٩٩١، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠٠٣

10-نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤

11- نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ١٩٩٨.

12-هیمداد حسێن، ڕۆڵی گۆڤاری هیوا لە پێشخستنی هونەرەکانی ئەدەب، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٩٨

Rohat Alakom, KURDEN SWEDE 1965-2005, -13 SERKLAND, Apec Tryck, 2006 Stockholm

### 2.5. بە زمانی عەرەبی

1- محمد حسنین هیكل ( دكتور)، پوره الادب، دار المعارف، الگبعه الپانیه مصر 1986

2- محمد مندور( دكتور)، الادب وفنون، دار نهچه مصر للگبع والنشر

3- معروف خزنەدار( دكتور)، موجز الادب الكردی المعاصر، الترجمه عن اللغه الروسیه" الدكتور عبدلمجید شیخو، حلب ١٩٩٣

4- رشاد رشدی( دكتور)، فن القصه القصیره، بیروت، دار العوده 1975

5- علی جواد القاهر( دكتور)، الخلاصه فی مڑاهب الادب الغربی، من منشورات الموسوعه الصغیره، دار الحریه للگباعه، بغداد ١٩٨٣

6- وزارەت الاعلام، الشعر و الفنون، مختارات من الابحاپ المقدمه لمهرجان المربد الپالپ ١٩٧٤، من منشورات وزاره الاعلام- الجمهوریه العراقیه، سلسله كتاب الجماهیر ٢٠، دار الحریه للگباعه، بغداد ١٩٧٤

7- حسین القبانی، فن كتابه القصه، بیروت ١٩٧٩

### 3.5. بە زمانی سویدی

Kurderna- Fyrtio år i Sverige (Serkland-2007) ،Rohalat Alakom

### 4.5. ماڵپەڕ "سایت"

kurdistan-press.org

### 5.5. چاوپێکەوتن

عومەر شێخمووس، ڕۆژی ٢٠١٧/٧/٢، ستۆکهۆڵم- سوید.

ڕێناس نەورۆزی، ڕۆژی ٢٠١٧/١٢/١٠ لە ڕێگای فەیسبووکەوە.

# فنون الادب في صحيفة Kurdistan press الصادرة في السويد


**الملخص:**

الصحافة الكردية اهملت في المهجر بشكل من الاشكال، وحتي الآن ومنذ البداية لم تتح الفرص لجمع تلك الصحف والبحث فيها والحفاظ عليها من التلف في مكان مناسب. الصحافة الكردية في المهجر، حالها كحال الصحافة الكردية في الوطن، أغلبها صحف حزبية وتنظيمية، عامة وخاصة وتحت أي مسمي كانت. اهتمت هذه الصحف بالادب. لكن هذا المساحة المعطاة لنشر الجانب الادبي يختلف من صحيفة لأخري. صحيفة Kurdistan press، مع انه مكتوب علي غلافها الأول انها صحيفة نصف شهرية، لكن بسبب المشاكل المالية، لم تستطع الصدور كل خمسة عشر يوم.

صدرت هذه الصحيفة في العاصمة السويدية ستوكهولم منذ سنة 1986 وحتي سنة 1992. تعتبر صحيفة عامة، لكن الطابع السياسي كان يطغي عليها، ومع انها كانت تصدر باللغة الكردية "الاحرف اللاتينية" واللغة التركية، حيث القسم التركي من الصحيفة أيضاً، كان عن المسالة الكردية وأخبار البيشمركه والجالية الكردية ويظهر في صفحاتها الأولي الجانب الحزبي، لكن في الصفحات المخصصة للأدب والفن و الثقافة فاننا لانجد هذا الشيء. بحسب متابعة الباحث لهذه الصحيفة، فانها تعتبر من أغني الصحف الكردية الصادرة في المهجر واهتمت اهتماماً ملحوظاً بالمواضيع الأدبية. في هذا البحث، تم القاء الضوء علي فن الشعر والنثر في الصحيفة، وفي هذا المجال، نشرت الصحيفة الحياة اليومية والاحداث اليومية لقومية تعرضت للاضطهاد في أجزاء كردستان الأربعة، حيث قدم ابناء هذه القومية الشهداء وتعرضوا للجوء القسري والسجون وكافة أصناف التمييز علي أرضهم. القسم الأدبي في الصحيفة هو أدب السجون، أدب سياسي، وطني وعن أدب وبطولات البيشمركه. ولأجل زيادة المعرفة بهذه الجريدة، فأني أقترح ان يتم جمع كل أعدادها مرة أخري ويتم طباعتها ونشرها في مجلد واحد، كذلك توصيتي للأقسام الكردية في جامعات كردستان، ان يشكلوا لجنة للبحث عن هكذا صحف وخاصة تلك الصحف الصادرة باللهجة الكرمانجية وبالاحرف اللاتينية وان يتم جمع المواضيع الأدبية والفنية والثقافية في تلك الصحف وتغيير طريقة كتابتها من اللاتينية الي الأحرف الكردية العربية وطباعتها علي أقل تقدير. ومثال ذلك، صحيفة Kurdistan press حيث تحتوي هذه الصحيفة علي عشرات النصوص واللقاءات والمقالات التي يجب البحث فيها، حيث ستصبح هذه النصوص مصدراً للمواضيع الأدبية مستقبلاً.


**الكلمات الدالة:** فنون الأدب، صحيفة Kurdistan press، السويد.

# Art of Literature in "Kurdistan Press" Published in Sweden


**Abstract:**

The Kurdish press in exile has been neglected. There has not yet been an opportunity to collect everything related to the Kurdish press from its inception and then classify it so that it can be kept in an appropriate center. The Kurdish press in exile, like the press inside the country, includes partisan, public and private press, as well as the press of the professional organizations. The newspapers published in the exile, regardless of their names, did not neglect the publication of articles and literary products but it differed from one newspaper to another. The Kurdistan Press was issued every 15 days, but due to financial problems, it was not always issued as such. This newspaper was published in Stockholm from 1986 to 1992. It was a general newspaper, but most of its subjects were political. The newspaper was issued in Kurdish _ Latin alphabets _ as well as Turkish. The Turkish edition was devoted to the Kurdish issue and the news of the Peshmerga and the Kurdish community abroad. Although there is a partisan tendency in the first pages, but in the pages dedicated to literature, art and culture there was no such a tendency. Based on the study and follow-up of the researcher for this newspaper, it turns out to be one of the most important newspapers among the newspapers issued abroad in view of its widespread interest in the publication of literary subjects. In this research, the poetry and prose art published in the above-mentioned newspaper, highlighted. A series of texts which have been considered an integral part of events and daily life of a nation, its members being persecuted, martyred, imprisoned or deported from their homes in the four parts of Kurdistan, have been published in the newspaper. Therefore, the literature, published in this newspaper, is considered a prison literature, in addition to be a political literature as well as the literature of Peshmergas' heroic operations. To get a closer look at this newspaper, I suggest reprinting all its issues in one volume and publishing many copies of it. My recommendation to the Kurdish department of the universities in Kurdistan is to form a committee to search for all the newspapers, issued abroad, especially the newspapers that were written in Latin alphabet for Northern Kurdish dialect (Kurmanjí), at least to change the alphabets of literary and artistic subjects. For example, there are dozens of interviews, literary texts and articles in Kurdistan Press which can be used as the source of many academic subjects.


**Keywords:** Art of Literature, "Kurdistan Press", Sweden.